# حوكوومەتی هەرێمی كوردستان، پەكەكە و دەوڵەتی تورك

رێناس جاف
renascaf@yahoo.com

لە هەل و مەرجێكدا كەش و هەوای جیهانی كەوتۆتە بەر كارتێكەری ئەگەری لەشكركێشی سوپای تورك بۆ سەر هەرێمی كوردستان بە بیانووی سەركوتی پەكەكە و ئەم پرسە نیگەرانییەكی زۆری بۆ سەرپاك هاووڵاتییانی كوردستانی لەسەرانسەری ئەم گۆی زەوییەدا دروست كردووە،لای من كێشەكە بە قازانجی دۆزی ڕەوای كورد دەچێتە پێش و تا دێ ڕۆژی لەچاڵ نان و هەرەس هێنانی سیاسەتە گڵاو و كرێتەكانی دوژمنانی گەل نێزیكتر دەكاتەوە.

دوابەدوای ڕابوونە جەماوەرییەكەی ساڵی 1991 و پاشانیش نەمان و لەناوچوونی ڕژێمەبەدناوەكەی بەعسی ئێراق و دامەزرانی هەرێمێكی سەربەخۆ لە باشووری كوردستان و دروستبوونی ئیدارەی كوردی لەم بەشەی كوردستان،خەونەخۆشەكەی جاران لە چاوی دەستەڵاتدارانی تورك زڕا و هەر لەو دەمەوە كەوتنە پەلەقاژە بۆ لەباربردنی ئەم دەستكەوتەی كوردان.

هەڵبەت دەستەڵاتدارانی تورك لەمێژساڵە هەوڵی تواندنەوەی كوردی باكووری كوردستان دەدەن و هەر بەینە و ناوێكیشی لەسەر دادەنێن . ئاوڕدانەوە لە پرسی كوردی باكووری كوردستان بۆ خۆ مژارێكی تایبەتە و توێژینەوەی كارناسانانە و پسپۆڕی دەوێ و لە تاقەتی ئەم نووسینەش ئەودەرە و دایدەنێن بۆ ڕۆژانێكی دی و هەلێكی لەبارتر.

بەختەوەرانە سەقام و هێوری و ئاسایشی باشووری كوردستان و ئاڵۆزی بەردەوامی بەشەكانی دی ئێراق ،ئەو هەلەی خستە بەردەم سەرانی كوردی باشووری كوردستان، وەخۆ بكەون و هەوڵی ڕاستینە و هەرەقەتی بۆ پێكهێنانی ئیدارەیەكی كوردی بدەن.

ئەنجامی ئەم هەوڵەش سەرباری ئاژاوەی پەیتاپەیتای ناحەزانی كورد و هەموو كەم و كوڕی و كەمایسییەكی نێو دەزگەكانی حوكوومەتی هەرێم بەڵام وا چۆكی بە دوژمنان داداوە هەر ڕۆژە و مژولی پیلانێك بە دژی سەربەخۆیی ئەم بەشەی كوردستانی لەت لەتكراون و هەر بەینە و لە پێتەختی یەكیان كۆڕێكی تایبەت دەبەسترێ و ئامانجیش هەر یەكە و ئەویش نەزۆك هێشتنەوەی هەر هەوڵێك بە مەبەستی پێكهاتنی حوكوومەتێكی كوردی.

وەكی ئیشارەتی پێدرا ئیدارەی كوردی ئەرچی ئیدارەیەكی ساوا و كەم ئەزموون لە كاری حوكمدارییدایە و ڕەخنەی زۆری لەسەرە بەڵام ئەو دەستكەوتەی بۆ هاووڵاتییانی كوردستانیی بووە لە سەرانسەری دونیا و لە بەشەكانی دی كوردستانی بندەست دا شانازی پێوە بكەن و لەو لاشەوە بۆتە چقڵی چاوی ناحەزانی كورد.

ئەم ئیدارە تازە دامەزراوە ئەوەی ڕاستیی بێت هەوڵی باشی بۆ پێكهێنانی كیانی كوردی داوە و لەچاو دەوڵەتانی ناوچە و ئەزموونی دوور و درێژیان لە حوكوومەت كردن دا بە خۆشحاڵییەوە توانیویە خۆی باش دەربخات.

ئەرچی بەردەوام لە لایەن ڕووناكبیرانی كوردی ئەورووپانشینەوە تیر و توانج و پلار و ڕەخنەی زۆری دەخرێتە سەر و بەداخەوە ئەوان بەحەق و ناحەق زۆر كێشە و گیر و گرفتی ئیدارەی باشووری كوردستان بۆ نێو میدیای جیهانی دەگوێزنەوە و ئەمەش دیارە بەشێكی لە دڵسۆزی و پەرۆشی و خەمخۆری ئەوانەوەیە و دەیانەوێ كوردستانەكەی ئەوانیش شان بە شانی وڵاتانی خودان ژیار و پێشكەوتووی ئەورووپی پێش كەوێ و هەردەم ڕووی لە كراوەیی زێتر بێت بەڵام زۆرێ لەو نووسەر و خاوەن قەڵەمانە دەبێ خوێندنەوەیەكی

کۆمەڵناسانەیان بۆ کۆمەڵگەکەی خۆ هەبێت و ئاگاداری باری کۆمەڵگەکەی خۆ و دونیای خۆرهەڵات بن و هەموو شتێ بە پێوەر و پێودانگی ئەورووپا و ئەویش ئەورووپای خۆراوا سەیر نەکەن و بزانن کۆمەڵگەی کوردی هێشتا قۆناخی سوننەت و نەریتگەری وەپشت سەر نەناوە و وشیاری جەماوەری بە دەیان ساڵی دی بە ئاستی ئەو ئەورووپای ئەوانی لێ نێشتەجێیە ،ناگات و هەوڵ و کار و چالاکی و خەباتێکی بێوچانی چاندی و ڕووناکبیری گەرەکە.

گەر لە مێژووی خودی ئەورووپییەکان ورد بینەوە بەسەدان ساڵ خەبات و تەقەلا بەورۆ گەیشتوون و لە پێناو ئەورووپای ئەورۆدا گەلێ قۆناخیان وەپشت سەر ناوە و بە قەولی کوردی "کەس لە پڕێک نەبووە بە کوڕێ" و زۆریان هەوڵ داوە تا بەم دەستکەوتەی ئێستایان گەیشتوون. بگرە تووشی بگرە و بەردە و نەهاتی و گەلێ پەتای ماڵکاولکەری وەک شەڕی براکوژیش هاتوون.

تیر و توانج و پلارتێگرتن کارێکی سووک و هاسانە و پێموایە ئەوەی دەستی قەڵەم بگرێ پێی دەکرێ بە توندترین شێوە ڕەخنەی خۆی لەم و لەو بگرێ. گرینگ بۆ ئێستای ئێمەی کورد و حوکمی کوردیمان، بنیاتنانی ئیدارەیەکی پێشکەوتووی کوردی بە گوێرەی مۆدیلە پێشکەوتووەکانی حوکوومەتی لە دونیادایە کە ئەمەش ڕەنج و خۆماندووکردنێکی فرەی دەوێ. دیارە کە س دژ بە ڕەخنە نییە و بوونی ڕەخنە و ڕیخنەگری وریا و چاوکراوە لە نێو کۆمەڵگەشدا نیشانەیە بۆ پیشاندانی ئاستی وشیاری کۆمەڵ .لەو نێوانەشدا ڕەخنەی بنیاتنەر هەردەم پێش خستنی کۆمەڵی لە شوێن دەبێت.

لێرەدایە ڕووناکبیری ڕاستینە و مرۆی گەلپەروەر دەکارێ جەوهەری ڕاستینە و کوردی خۆی دەربخات.

کێ بێ و حەز بەوە نەکات ئیدارەی کوردی وەک ئیدارەی دەوڵەتێکی خودان دێمۆکراسی بە ڕەچاوی هەموو پێوەرێکی مرۆڤانی ئەم سەرزەوییەی لێ دەرچێ! بەڵام ئایا ئەو ئیدارە هەر بە قسەی ڕووت پێک دێ؟! دیارە کە نا.

کورد بە حوکمی ئەوەی بە درێژایی دیرۆک بندەست بووە و خاکەکەی لێ زەوت کراوە و ئیزنی خۆدەرخستنی پێ نەدراوە ،لەمێژساڵە ڕووی لە هەندەران ناوە و ڕەنگە بکرێ بڵێین وا بۆ پتر لە 60 ساڵ دەچێ کورد ڕووی کردۆتە ئەورووپا و پەڕەوازەی وڵاتانە. بەڵام کێشەکە لێرەدایە ئەم کوردە ئەورووپانشینە تاچەن توانیویە دەنگی کپکراوی گەلەکەی بە گوێی گەلانی ئازادیخواز بگەیینێ!! تاچەن توانیویە وەک تاکێکی کورد جەوهەری کوردی خۆی بسەلمێنێ و دزە بکاتە نێو دەزگە و شوێنەکانی بڕیاردان لەو وڵاتانەدا!!

بە کورتی و بە کوردی ڕەوەندی کورد لە ئەورووپا تا چەن توانیویە هەوڵ بۆ چێبوونی لۆبی کورد بدات!!

گەر واقیعخوازانە سەیری ئەو پرسە بکەین و لە دووی دیتنەوەی وەرامی ئەو پرسیارانە بین، ڕاستیت گەرەکە هەوڵەکە زۆر زۆر نزمە و هەر ناچێتە خانەی پرسێکی هەرە گرینگی وەک لۆبییەوە.

ڕەنگە بە لای هەندێ خوێنەری ئەم بابەتەوە هێنانە ئارای ئەم پرسە لادان و ترازان لە تەوەری سەرەکی باسەکەمان بێت بەڵام کورد دەبێژێ"قسە،قسە دێنێ" و ڕەوەندی کوردیش وەک کارتێکی کاریگەر لەسەر سیاسەتی وڵاتانی ئەورووپی دەتوانێ دەورێکی هەرە دیار و بەرچاو لەو نێوانەدا بگێڕێ.

بەشێکی بێ ئاکامبوونی هەوڵەکانی ئێمەی کورد هەر دەگەڕێتەوە بۆ هەمان پرس.

کورد لە هەر هەموو چوار-پێنج پارچەی کوردستان دا تابەمرۆ تووشی دەیان و بگرە سەدان کارەسات و چەرمەسەری هاتووە و ڕەوەندی کورد لە ئەورووپا زۆر زووتر لە ئێستا دەیتوانی دۆزەکەی بکاتە دۆزێکی جیهانی تا کورد زووتر بەئامانج بگات.لێ تا بەم ساڵانە ئەمەی بۆ نەچۆتە سەر. لە ڕاستیدا لە هەشتاکان بەم لاوە هەوڵی تاکیی لای کوردی ئەورووپانشین بۆ بەجیهانکردنی دۆزی گەلەکەی دەس پێبوو. بەشێکی دەستکەوتی دەستەڵاتی باشووری کوردستان سەرەڕای ڕێزم بۆ خەباتی حەفتا-هەشتا ساڵەی پێشمەرگەی

کوردستان و شەهید و قوربانیبوونی هەزاران پێشمەرگەی بەجەرگ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرسەی کێشەی کورد ئیدی لە کێشەییەکی ناوچەییەوە دەرچووە و چاوی دونیا بە ڕووی ئازاری گەلێکی نێزیکەی چل ملوێنی دا کراوەتەوە.

گەر ڕەوەندی کورد لە ئەورووپا هەوڵی بەپلانکردنی چالاکی خۆ بدات و خەباتی خۆی چڕ بکاتەوە سەر بەرەنگاربوونەوەی شاڵاوی پڕۆپاگەندەی تورکان لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی کورددا بۆ خۆ دەنەخشێنێ.

کورد گەلێکە بەختەوەرانە سەلماندوویەتی دوژمنی هیچ گەلێکی سەرزەوی نییە و ئەوە ڕژێم و حوکوومەتانی ملهوڕ و زۆربێژ لە وڵاتانی وەک ئێران،ئێراق، سووریا و تورکیا بوونە هەردەم هەوڵی لەناوبردنی کوردیان داوە.

گەر لێرەدا ناوی تورک و فارس و عەڕەب دێ هەر مەبەست دەستەڵاتدارانی نێو ئەو وڵاتانەن نەک میللەتەکەیان.

بۆیە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر لەم دۆخە ناسک و هەستیارەدا لەسەریەتی پارێزەری دەستکەوتەکەی باشووری کوردستان بێت.

ئەوەی خوێندنەوەیەکی زۆر ئاسایی بۆ ڕووداوەکانی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوین بێت باش دەزانێ هەڕەشە و گوڕەشەی دەوڵەتی تورک هیچی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە نییە.

پەکەکە خەباتی خۆی بردۆتە نێو هەموو ماڵە کوردێک و دەوڵەتی تورک پڕ ڕوونە ناتوانێ بەرەنگاری ئەو پرسە بێتەوە .دەستەڵاتدارانی تورک تەنێ دەیانەوێ بە چەن کارتێکی دەستیان پێش بە دامەزرانی دەوڵەتی کوردی بگرن و بۆ چەن ساڵێک وەدوای بخەن ئەگینا لای هەموو شارەزا و ئاشنایەک بە پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، دۆزی کورد ڕەنگە بکرێ کۆسپ و لەمپەری بخەیتە سەر ڕێ بەڵام لەوە دەرچووە هەوڵی کپ کردنی بۆ بدەی.

لە ئەنجامدا دەوڵەتی تورک هەنووکە هەموو هەوڵی خۆ چڕ دەکاتەوە سەر حوکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەزانێ بێتوو حوکمی ئەو دەوڵەتە بچەسپێ ئەودەم ئیدی چاڵی بۆ هەڵقەندراوە . هەر بۆیە دەوڵەتی تورک ئەمەی بەلاوە پڕگرانە و پیس سەری لێشێواوە و هیچیشی پێناکرێ. تازە کورد و دۆزی کورد بەرەو دوا ناگەڕێتەوە و هەر چەشنە لەشکرکێشی و پەلامارێکی سوپای تورکیش بۆسەر هەرێمی کوردستان پتر تورکان تووشی فەشەلی هێنان دەکات و خەونی ئێمەی کوردیش زووتر دەهێنێتە دی و چاو کوردی هەموو پارچەکانی دی کوردستانی بندەست دەکرێتەوە و هانیان دەدات بۆ ڕاببوونێکی جەماوەریی بەخرۆش. ماخولانی سەرانی تورک بە دڵنیاییەوە چ دەرەنجامی بۆیان نابێت و پرسەکە ڕاس بە لای ئێمەدا دەکشێتەوە.

بەڵام دیارە ئەمەش هەروا سووک و هاسان وەڕاس ناگەڕێ و گەرەک هەموو کوردێک بە پێی توانای خۆ هەوڵی خۆ بخاتە گەڕ.

بێ سێ و دوو سەردەمی قڕکردن و قەڵاچۆ و کارەساتی مەرگبار و ئەنفال و کیمیاباران و ئەوانە بۆ کورد ئیدی بەسەر چووە و دونیای ئەمڕۆ و مرۆی وریا و چاوکراوەی سەردەم بە هیچ لەونێک ناچێتە ژێرباری ئەو جۆرە پرسانە.

دەوڵەتی تورک هێشتا هەر پێی وایە سەردەم سەردەمی ئاتاتۆرک و کەمالیستییەکانە و بە هەمان سووک و سانایی جاران پێی دەکرێ جینۆسایدی گەلانی وەک کورد و ئەرمەن بکات.

ناوشیاری دەستەڵاتدارانی ئێستای تورک و حاشاکردن لە گەلێ ڕاستی هەرە ڕوون هەڵەیەکی زەقی ئەوانە بە قازانجی دۆزی گەلی گەلەکەمان دەردەچێ.

شوکر کورد ئێستا ئیدی تەنیا پێویستی بە خەباتی چەکداری نییە و ساڵانێکە کوردیش وەک گەلانی خودان ئەزموونی سەرزەوی ڕووی لە هەوڵ و خەباتی دیپلۆماسییانە و چالاکی مێدیایی ناوە و ئەمەش بەختەوەرانە دەرەنجامی باشی بۆ کورد بووە و چەشنە بێدارییەکی سەرانسەری لەنێو کوردان دا چێکردووە. ئەو باکووری

کوردستانەی دەوڵەتی تورک ئەمڕۆکەش حازر نییە دان بە بوونی کورد لەوێندەرێ دا بنێ و هەموو تیرێکی خۆیشی نیشانە دەگرێتە بزاڤێکی شۆڕشگێڕی وەک پەکەکە و بە چەتە و ڕێگر و تێرۆریستی لە قەڵەم دەدات گەر تۆزێ لە دونیای خۆی ڕامێنێ و هەندێ سەرنجی ڕاستییەکانی چوارتەنیشتی خۆ بدات، چاک تێدەگات زمانی کارای مێدیای کوردی بەخۆشحاڵییەوە کوردی ئەو بەشەی کوردستانی بندەستیشی وریا کردۆتەوە و ئیدی بڕوام نییە پیلانی دەوڵەتانی فاشی وەک ئێران و تورکیا و سووریا چ دەرەنجامێکی بێت.

هەمووومان چاک دەزانین پەکەکە ئیدی تەنێ بزاڤێکی ڕووتی چەکداری نییە بە نەمان و شەهیدبوونی گەریلاکانی لەناو بچێ. سەرهەڵدانی پەکەکە وا پێ دەنێتە نێو نێزیکەی 40 ساڵ خەبات و بزووتنەوەی هەمەلایەنەی چەکداری،سیاسی و ڕووناکبیرییەوە.
لە بارودۆخ و ڕەشە تایبەتەدا پەکەکە و داژدارانی ئەم پارتە کوردییە دەبێ بەوپەڕی ژیری و وریاییەوە بجووڵێنەوە و حسێبی هاوکێشەکانی ڕۆژ بکەن و ئاگاداری ئەو گوشارە زۆرەی بن لەسەر حوکوومەتی هەرێمە . بە دڵنیاییەوە کاربەدەستانی حوکوومەتی هەرێم دژ بە خەبات و چالاکی سیاسی و چاندی پەکەکە و لقەکانی سەر بەم پارتە نین و سەرانی پەکەکەش دەبێ ئاگاداری ڕاستییەکانی ئێستا بن و کێشە بە زیانی حوکوومەتی هەرێم قووڵتر نەکەنەوە. بێگومان مانەوە و چەسپانی حوکوومەتی فیدراڵی هەرێمی کوردستان و جێ وەجێبوونی مادەی 140 ی دەستووری ئێراقی و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان ،باشترین دەستەبەری و گەرەنتی بۆ سبەی گەشی هەموو کوردێکە. هەموو هەوڵێکی دیپلۆماسییانە دۆستەکانی گەلەکەمان لە ئاستی دونیادا زێتر دەکات. ئەمە کارتێکی گەلێ گرینگە نابێ ئێمەی کورد لە دەستی بدەین . باشوورێکی بەهێز باشترین پشتیوان بۆ ڕۆژانی دادێی خەباتی گەلەکەمان لە پارچەکانی دی دەبێت. با هەمووومان ڕاگر و پارێزەری ئەم دەستکەوتە دیرۆکییە بین.

تاران

13ی خەزەڵوەری 2707 ی کوردی